## هەر دووركەوتنەوەیەكمان لەوان نزیكبوونەوەیە لە سەربەخۆیی كوردستان! ... مەهاباد كوردی



كۆنگرەی بەناو "ویفاق"ی عێراقی كە لە بارەگای كۆمكاریی دەوڵەتانی عەرەبی لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەسترا، هەر لە سەرەتادا بە شەڕەقسە و ناكۆكی نێوان لایەنە بەشداربووەكان دەستی بە كارەكانی خۆی كرد. ئەگەر لەبەر خاتروخۆتری هەندێ لایەن نەبووایە دانیشتنەكانیش ئەنجام نەدەدران. شاندی عەرەبە شیعەكانی عێراق كە هەر لە بنەڕەتدا فشەی بەو جۆرە كۆبوونەوانە دەهات، یەكەمین لایەنی بەشداربوو بوون هۆڵی كۆبوونەوەكەیان بەجێ هێشت. هەرچی فازڵ میرانیی كورد بوو، چونكە وتارەكەی مەسعوود بارزانی خرابووە دووەمین ڕۆژی كۆنگرەكەوە، تووڕە بوو و وتارەكەی لە ڕۆژی یەكەمدا نەخوێندەوە. ئەو پێی وابوو ئەمە نەدەبوو ڕوو بدات، هەرنا چونكە بارزانی یەك لەو كەسایەتییە بەرچاوانەیە كە ئاشتبوونەوەی گشت عێراقییەكانی گەرەكە و لەم بوارەشدا خاوەن هەوڵ و تەقەلالاكانی خۆیەتی. میناس ئەلیوسفی كە ئەوەندە دیار نەبووە و خۆی كردۆتە سەرۆكی "پارتی دیموكراتی كریستیانی عێراقی" و پێشتریش لە لایەن تیرۆریستانەوە دەستگیر كرابوو، پاشان بە بڕەپارەیەك ئازاد كرا، لە هەمووان زیاتر شیر و تیری دەسوو و لە هەندێ قسەیدا لە كەناڵی ئەلجەزیرە بەعسییانەش دەمی دەجووڵایەوە و هەر "موحتەل، موحتەل"ی بوو. ناوبراو كە لە وڵاتی سوێدیش ژیاوە، هەر دەڵێی لەسەر شێوەی پارتی كریستیانەكانی ئەم وڵاتە"**KDS**"، حیزبێكی لە عێراق پێك هێناوە.

بەشداربوونی كورد لە كۆنگرەیەكدا كە بە پلەی یەكەم بەرژەوەندی عەرەب و وڵاتانی عەرەب و یەكپارچەیی عێراقی لێك هەڵوەشاوە و عەرەبە سوننە و نەتەوەیی و بەعسی و عروبەوییەكانی لا مەبەستە، جگە لە كارێكی منداڵانە و خۆ هەڵخەڵەتێنەرانە زیاتر چی دیكە نییە. كۆمكاریی دەوڵەتانی عەرەبی كە ئەمیندارە گشتییەكەی لەنێو پەرلەمانی كوردستاندا و بە ئامادەبوونی بەناو نوێنەرانی كوردی باشووریش، گەورەترین سووكایەتی بە كورد و خاكی كوردستان كرد، داخوا دەبێ تا چ ڕاددەیەك دڵی لەبەر دەرد و مەینەتییەكانی گەلی كورد لەم بەشەی نیشتماندا دەردەدار و بریندار بێ؟! پاساو هێنانەوە بۆ قسە ناشیرین و ناڕاست و ناحەزەكانی عەمرۆ مووسا كە لە پەرلەمانی كوردستاندا كردنی، بە تایبەتیش بە درەنگەوە، خۆی لە خۆیدا بریتییە لە جۆرێك شكستی و داماوی لە بەردەم ڕووداو و كارە سیاسییەكاندا. چ حیكمەتێك لەوەدا نییە تازە بە تازە سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان عەدنان موفتی لێمان قیت بێتەوە و پێمان بڵێت: عەمرۆ مووسا شتی وای نەگوتووە و جیاوازیش لە نێوان "جیهانی عارەب" و "وڵاتانی عەرەبی"دا هەیە. عەدنان موفتی بەر لەوەی بهاتبایە ئێمەی فێری ئەلفوبێی جیاوازییەكان كردبا، زۆر پێویست بوو دەستبەجێ و لەناو پەرلەمانیش وەرامێكی كوردانەی كابرای میسری داباوە. ئەو ئەگەر كارێكی وەهای ئەنجام دابا، هەموو كورد دەمخۆشییان لێ دەكرد و سەریشیان مینا چیای سەفین پێ بەرز دەبوو! ئەمە لە لایەك و لە لایەكی تریشەوە مەسعوود بارزانیی سەرۆكی كوردستان كاتێك لەتەك عەمرۆ مووسا ڕاوەستابوو، ئەگەر ئەوسا لە دەمی ئەویشی نەدابا،

بەڵام گەلێ باش دەبوو ئەگەر هیچ نامەیەکی پشتگیری بۆ کۆنگرەی قاهیرە ڕەوان نەکردایە و وەک سەرۆکی کوردستانیش نارەزایی لە بەرامبەر ئاخاوتنەکانی ئەمینداری گشتی کۆمکاریی دەوڵەتانی عەرەبی نیشان دابا. بارزانی ئەگەر کارێکی وای بکردبایە ئێستا دە ئەوەندە زیاتر جەماوەری کوردستان پێشوازییان لەم هەڵوێستەی دەکرد، کە لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا لە هەمبەر قسەکانی عەمرۆ مووسادا نواندی.

یەکێک، ڕێکخراوێک یان هەر لایەن و کەسایەتییەکی ئەوڕۆی بەرچاوی باشووری کوردستان، لە بارێکدا گەر سەربەخۆیی کورد و کوردستان ئامانجی سەرەکی و ستراتیژی و هەمیشەیی ئەو بێ، نابێ بە چ جۆرێک خۆی لەو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرانە نزیک بکاتەوە، هەروەک لای هەمووشمان ئاشکرایە، کە بە پلەی یەکەم بۆ بە زیندوویی ڕاگرتن و یەکپارچەیی و بە یەکجاری هێشتنەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەنجام دراون و دەدرێن. کورت و کرمانجی: هەر دوورکەوتنەوەیەکمان لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە نزیکبوونەوەیە لە سەربەخۆیی کورد و کوردستان

mehabadk@hotmail.com
ستۆکهۆڵم 2005.11.23